# یاسای وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار:٣٨**
**مێژووی بڕیار:٢١/١١/١٩٩٢**

**«بڕیار»**

بەپێ ی حوکمەکانی برگەی(١) لەماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی١٩٩٢ لەسەر پێشنیازی وەزیری داد وبڕیار لەسەردانی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی ڕۆژی ٢١/١١/١٩٩٢دا بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە(١٢)ی ساڵی/١٩٩٢
## یاسای وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستانی عێراق

### بەشی یەکەم

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم ووشانەی خوارەوە بۆ خواستەکانی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە:

١- هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- وەزارەت: وەزارەتی دادی هەرێم.

٣- وەزیر: وەزیری دادی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

وەزارەت بەپێ ی ئەم یاسایە ئەرکەکانی بەجێ دێنێ بۆ بەدیهێنانی دادوەری لەرێگەی پەرەپێدان وبەکارخستنی یاساکان وربزگرتن لەناوەرۆکەکانیان دەقاو دەق بەشێوەیەک کەسەر بەخۆیی قەزا (القضاء) وپارێزگاری کردن لەمافەکانی مرۆڤ بەدی بێنێ بە جۆرێک کەبگونجێ لەگەڵ ڕاگەیاندنی جیهانی ی مافەکانی مرۆڤ و ئەو بەڵێن وباوەڕنامە نێو دەوڵەتی یانەی پەیوەندی یان پێ یانەوە هەیە.

**ماددەی سێ یەم:**

وەزیر سەرۆکی باڵای وەزارەتە وبەرپرسیارە لە ڕێنوێنی کردنی کارەکانیدا ولەوەوە بڕیارو ڕێنمایی وفەرمانەکان سەبارەت ئەرکەکانی وەزارەت ودام ودەزگاکانی و گشت کاروبارە ئیداری وهونەریەکان لەچوارچێوەی ئەم یاسایە ویاسا کار پێکراوەکانی تردا دەردەچن ولە بەرامبەر ئەنجوومەنی وەزیرانیشدا بەر پرسیارە بەو مانایەی کەئەندامێکی هاوبەشێتی.

## ماددەی چوارەم:

وەزارەت لەم دام ودەزگایانە پێکدێ:

١- نووسینگەی وەزیر: بەڕێوەبەرێک بەڕێوەی دەبا کە باوەڕنامەیەکی زانکۆی وەرگرتبێ.

٢- بەڕێوەبەرێتی گشتی ی داد: بەڕێوەبەرێکی گشتی بەڕێوەی دەبا کە دەبێ دادەوەرێک بێ بەلانی کەمەوە لە پۆلی دووەم بێ ولەم بەڕێوەبەرێتی یانە پێک دێ.

یەکەم: بەڕێوەبەرێتی کاروباری ئیدارە وبەڕێوەبەرێک سەرۆکایەتیی دەکا، کەباوەڕنامەیەکی زانکۆی وەرگرتبێ ولەم بەشانە پێکدێ:

أ- بەشی ژمێرباری.
ب- بەشی پێداچوونەوە.
ج- بەشی کەسان.
د- بەشی خزمەت گوزاری ی ئیداری.

دووەم: بەڕێوەبەرێتی ی پەیوەندی ی دادوەری ویاسایی کە بەڕێوەبەرێک سەرۆکایەتی ی دەکا باوەڕنامەی بەکالۆریۆسی لەیاسادا وەرگرتبێ ولەم بەشانە پێکدێ:

أ- بەشی پەیوەندیی دادوەری.
ب- بەشی پەیوەندی یاسایی.
ج- بەشی ڕاگەیاندنی یاسایی.

سێ یەم: بەڕێوەبەرێتی ی نەخشەدانان وبەدوا داچوون کە بەڕێوەبەرێک سەرۆکایەتیی دەکا باوەڕنامەیەکی زانکۆی وەرگرتبێ ولەم بەشانە پێکدێ:

أ- بەشی نەخشەدانان.
ب- بەشی سەرژمێریی.

# بەشی دووەم
# دام و دەزگاکانی داد

## ماددەی پێنجەم:

یەکەم: دام ودەزگاکانی داد پێکدێ لە:

١- دادگا مەدەنی یەکان وئەودایەرانەی پێوەی بەندن.
٢- ئیدیعای گشتیی.
٣- دیوانی تۆماری یاسایی.
٤- دەستەی سەرپەرشتیی دادوەری.
٥- بەڕێوەبەرێتیی گشتیی تۆماری موڵک.

دووەم: دام و دەزگاکانی داد ئەرک وکارە تایبەتی یەکانیان بەپێ ی یاسا تایبەتی یەکانی خۆیان بەجێ دێنن بەمەرجێک لەگەڵ حوکمەکانی ئەم

یاسایەدا ناکۆک نەبن.

بەشی سێ یەم: چەند حوکمێکی گشتی

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری داد بۆی هەیە هەر دادوەرێک ولەگەڵیاندا دادوەری دادگای تەمیزیش(انتداب) بکا بۆ دایەرەکانی مەڵبەندی وەزارەت.

**ماددەی حەوتەم:**

١- ئەرک وکارە تایبەتی یەکانی دام ودەزگاکانی وەزارەت بەپەیڕەوێک دیاری دەکرێن.

٢- وەزیر بۆی هەیە بەپێ ی پێویست بەڕێوەبەرێتی وبەش ولقی نوێ پێک بێنی یا بیانخاتە پاڵ یەکتر.

٣- وەزیری داد بۆی هەیە ڕێنمایی بۆ ئاسانکردنی بەجێهێنانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکا.

**ماددەی هەشتەم:**

گشت ئەو دایەرە دادەوەری یانەی لەوەوە بەرپابەندی دەسەلاتی ناوەندی بوون، بەوەزارەتی دادی هەرێمەوە دەبەسترێنەوە.

**ماددەی نۆیەم:**

دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی دەیەم:**

ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی رەسمی دا کاری پێدەکرێ.

**نەژاد احمد عزیز ئاغا**

**و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

## «هۆیەکانی دەرکردنی ئەم یاسایە»

دوای ئەوەی گەلی کوردستانی عێراق سەرکەوتووانە بە تاقیکردنەوەیەکی دیموکراتی یانەی ساوادا تێپەڕی کە توانی یەکەمین هەڵبژاردنی سەربەست ئەنجام بدا، ئەو هەڵبژاردنەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراقی لێ هاتە کایەوە ئەو هەنگاوانەی بە دوایدانران بەتایبەتی دەرکردنی یاسای دەسەلاتی جێبەجێ کردن ژمارە(٣)ی سالی ١٩٩٢کەبڕیاری دامەزراندنی وەزارەتی دادی هەرێمیشی تیادا دراوە، پێویست بوو یاسایەک بۆ ئەو وەزارەتی دادە دابنرێ، بۆیە ئەم یاسایە دەرکرا.